# دوا نامە بۆ هیدایەت ،
# بۆ چلەی جوانە مەرگێکی
# مەرگ جوان .



**د.ئاراس عەزیز عەبدوڵڵا / ئیسماعیل خورماڵی /**
**بەرزان هەستیار/ جەمال غەمبار/ خاڵە بەکر/ ڕەزا حەمە/**
**سەردار فەتاح / د. عەباس ساڵح/ موحەمەد جەزا بەرزنجی/**
**موحەمەد عومەر عوسمان/ هوشیار بەرزنجی**

ئازیزی دێرین !
ئێمەی هاوڕێت هەرگیز لەو خەمانە نەترساوین و ناترسین ، کە فرمێسك دەیانشواتەوە .
ئازاری هەموو ئەو زامانەی ، کە بە شیعر سارێژدەکرێن ، نەیانتوانیوە سوێ بە قەڵەمی ئێمە ببەنەوە .
دەسا ئازیزا! تۆخۆت ئەو نهێنییەمان بۆ بدرکێنە و پێمان بڵێ ، ئایا ئێمەی هاوڕێت چۆن وبەچی بتوانین ، بەرەنگاری خەم و ژانی ئەو جوانەمەرگی و ئەو مەرگە جوانەی تۆ ببینەوە .
ساڵانێك بوو ، ساڵانێکی دوورودرێژ ، ئێمە......................
لە هەرێمی ئاوابوونی پیاودا ...(١)
سێبەری باڵای یەکتر بووین....(٢)
کاتێکیش هەندێك لە ئێمە ، ڕەشماڵی چواروەرزی لە بناری غوربەتدا هەڵدا ،
دووریت هەورێکی پڕلە باران بوو ....(٣)

ئەی گۆڕت پڕ لە وشە ، لە ڕێزمان ، لە شیعر ، لە پەند ، لە قسەی نەستەق و لە نوکتەی کوردی بێت ، تۆ بڵێت خەمخۆرانت لەبیریانچووبێت و لە بری جاجم ، پاڵتۆکەی (شۆخە پاڵتۆ سەوزەکە ) یان نەدابێت بەسەر تابوتەکەتدا .
تۆ بڵێت هەنبانە بۆرینەی مامە هەژاریان نەکردبێت بە سەرینی هەمیشییت .
تۆ بڵێیت پەندەکانی پیرەمێردو فەرهەنگی خاڵ و ئەلف وبێی باڵداروگەنجینەکانی مەسعود موحەمەد و ڕشتەی مرواری سجادی و... هتد یان نەکردبێت بە دیاری بۆ کتێبخانەی گۆرەکەت .

هاوڕێ ! ئێمە لەیادت ناکەین .

ئەوە پایزەشیعرەکانی حەمە ، با فرمێسکی خەزاناویت بۆ بڕێژن ، با گەڵاڕێزانت بکەن.
ئەوە جانتای پڕ لە شیعری جەمال ، با هاوسەفەرت بێ ، لە گەڵ خۆت بیبە بۆ ئەوێ ، بۆ لای عەشق ، عەشقی خوایی .
ئەوە شیعری خاکیی ڕەزا ، با تەڵقینت بێ .
ئەوە توێشوبەرەی شیعری لێواولێو لە خۆشەویستی سمایل ، با عەشق هاوسەرینت بێ .
ئەوە شیعری ( ململانێی نێوان ژیان و مەرگ ) ی بەرزان ، با لە مردن بێزار نەبیت .
ئەوە شیعری ( مەجهول) ی ئاراس با هاوڕێ و هاودەمت بێت .
ئەوە وشەی پڕ لە هەست و سۆزی بەکر ، با شەوچەرەی تەنیایت بێ.
ئەوە هاوڕێیەتی پڕ لە ڕێز و متمانەی سەردار ، با هاوکات و هاوشوێنیڕۆحی پاکت بێ.
ئەوە گوڵە پەمەییەکانی ڕۆحی عەباس ، با باخچەی ئەزەلی گیانت بێ .
هوشیار وجەزاش ( گەرچی کەس ناوێرێت باسی مەرگی تۆیان بۆ بکات ) بەڵام دڵنیابە لەوەی کە وەفا و خۆشەویستی ئەوان بۆ تۆ ، ڕۆمانە شیعرێکی هێندە گەورەیە ، مەگەر هەر یەکەیان لە ناخی خۆیدا بتوانێت پەی پێببات .

ئەی دۆستی دێرینی ئێمە ! ڕاستە تۆ لە ئێمە کەمتر ژیایت ، بەڵام کەمتریش گریایت ، کەمتریش هاوارت کرد ، کەمتریش سووتایت ، چوونکە هەستناسکان و ئازادیخوازان و مرۆڤ دۆستان تا زۆرتر بژین ، زۆرتر دەسووتێن.

گڵکۆکەت ماچدەکەین ، ئارامیی و ئاسودەگیت بۆ دەخوازین .
بە شیعر و خۆشەویستیی ، بە هاوڕێیەتیت دەسپێرین .

**تێبینی :**
**١ و ٢ و ٣ : سێ نامیلکەی شیعری جوانەمەرگ( د. هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران ) ن.**
**ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانەی متمانەیان پێکردم و ڕێگەیان پێدام ، کە ئەم پرسەنامەیە بە ناوی هەموومانەوە بنووسم .**
**هیچکام لە هاوڕێیان ئەم تێکستەیان لە پێش بڵاوکردنەوەیدا نەخوێندۆتەوە.**
**بمبوورن و بەدڵ گەورەیی خۆتان بمبەخشن .**
**هاوڕێیان ! سانا نییە ، هەستی یازدە مرۆڤی هەست ناسکتر لە باڵی پەپوولە ، بیروبۆچوونی یازدە مرۆڤی لە یەك دوور و پەڕەوازەی غوربەت ، سەبارەت بە مەرگی هاوڕێیەك ، بە یەك قەڵەم بنووسرێت .**
**هەی دا و بێدات هیدایەت / هیدایەت ، کەی و لە کوێ ، دوو چاو بە تەنیا توانیویانە فرمێسکی بیستودوو چاو بڕێژن ؟**



**ڕەزا حەمە**
**ئەڵمانیا**
**٢٠٠٨/ ٧/١٠**